www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

## ئایینی میسری کۆن

# مــــۆراڵ ـ الاخــــلاق

نووسینی : ئەدۆلف ئێرمان

وەرگێڕانی : ئیبراهیم فەتاح

کاتێك خەڵك لە کۆمەڵگایەکی هەمیشەییدا دەژین لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار دا گەلێك جۆر دابونەریت لە نێوانیاندا دروست دەبێت کە ڕەنگە ببنە سنووردانەری ڕەفتاری تاکەکەسەکان ئەگەر ئەو ڕەفتارانە ببنە هۆی ئازاردانی کۆمەڵ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە بەسەر تاکەکەسدا دەسەپێنێت کەس نەکوژێت یان دزی یان هەچ کارێکی لەو چەشنە نەکات. ڕەنگە ئەو ئەرکانەی ئەم مۆراڵە لەئەنجامی زێتربوونی ڕۆشنبیریدا بەسەر تاکەکەسیدا دەسەپێنێت زۆرتر بێت لەوەی لە مرۆڤ داوادەکرێت.

لە بنچینەدا مۆراڵ هیچ پەیوەندستیەکی بە ئایینەوە نییە, بەڵام ئاشکرایشە بەشێوەیەك لە شێوەکانیدا خراوەتە ژێر سێبەری ئایینەوە، وە زۆرداری لە هەموو سەردەمەکاندا لەمیسردا لە دیدگای خواکانەوە ڕیسواکراوە. ئێمە لە دووتوێی ئەهرامەکاندا دەخوێنینەوە کەوا دەریاوانی ئاسمانی تەنیا بواری تێپەڕبوونی مرۆ چاکە دادوەرەکان دەدات، وە بەشێوەیەکی تایبەتی خواوەندی خۆر بە نوێنەری دادپەروەری دادەنرێت و ڕاستگۆیی یان دادپەروەری ـ وشەیەکە یەکێك لەو دوو مانایەی هەیەـ هەروەك ئەوەیە کچی ئەو خواوەندە بێت. ئەی ئەوە خۆی نییە بە مرۆڤی وتووە: ڕاستی بڵێ و ئەوە بکە کە ڕاستی گەرەکییەتی, ئەو{ واتە خواوەند ـ و} مەزنی بەهێزە. . . ئەم ڕاستییە و ئەم یاسایە بریتییەلە نمونەی باڵای میسرییەکان. هەر ئەوەیش دەوڵەتێکی شارستانی پێکدەهێنێت، لە ڕاستیشدا هەرچەندە بە ڕابردوودا شۆڕببینەوە درك دەکەین میسرییەکان وەك گەلێك ژیاون کە یاسا بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا زاڵ بووە.

وە کاتێك ئەو یاسایە تێك دەچوو ئەوەیان بە تاوانێك دادەنا, ڕەنگە مەیلی تێکۆشان یان قارەمانێتیان کەم بووبێت, تەنانەت زۆر دەگمەنە لەو نیگارە جیاوازانەی لە هەموو سەردەمەکانەوە پێمان گەیشتوون ئەوە بدۆزرێتەوە کەسێك شانازی بەکاری جەنگییەوە بکات، ڕێکەوتیش نییە کەوا خۆشەویسترین ئەفسانەی لای میسرییەکان مۆرکێکی ئاشتیخوازی هەیە. هەروەك لە بەشی پێنجەمدا بینیمان ئۆزۆریس میری ئاشتی بوو. . خوایەك بوو دوژمنی نەبوو, سنوورێکی بۆ ململانێکردن دانا و, ئەوەی ئەو وەك جەنگاوەرێك و ڕزگاریدەرێك بە مەزن دادەنرا، هۆکەی ئەوەیە کەوا پادشای زەمینی بەو شێوەیە وێنادەکرا. هەروەها جێی سەرنجە ئۆزوریس ـ بە گوێرەی ئەوەی لە نوسخەی یەکەمی ئەفسانەکەدا هاتووە ـ لە ڕێگەی قایلکردنەوە نەبێت جەنگی گەلە بێگانەکانی نەکردووە. وەکاتێکیش داوای خوێنی کوشتەکەی لە حۆریسی کوڕی دەکات ئەوە کارەکە تەنیا لە ڕێگەی دادەوە بەڕێوە دەچێت. . . بەڵام دانیشتوانە بێوەیەکەی دۆڵەکە { مەبەست دۆڵی نیلە ـ و} ئەوە تەنیا هەست بە بێزاری دەکەن لەئاست ئەو جەنگ و شەڕانەی خەیاڵی هەندێك لە گەلانی تر

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

له وێناکردنیدا ئەفراندنیان کردووە_ ڕەنگە ئەلیازەمان لە بیر نەچووبێت _ ئەمەیش وێڕای ئەوەی پادشایان دەبینین بە دەربڕینی وەك : گەلە بێگانەکانی بە قاچی فلیقاندەوە. . . , سنووری بەرفراوان کرد کامەران دەبن.

ئەو بۆچوونەی دەڵێت شانسی مردوو متمانە دەکاتە سەر شێوازی ڕەفتاری ژیانی ڕابردووی. . . بۆچوونێکی ئێجگار کۆنە و, ئەو خواوەندانەیش کە دەتوانن دەستی یارمەتی بۆ مردوو درێژ بکەن یارمەتی هەموو کەس نادەن. کاتێکیش باوەڕی ئۆزیری دەکەوێتە پێش هەموو باوەڕەکانەوە، ئەوە لە کۆتاییدا بەسەریاندا زاڵ دەبێت. بێجگە لە داوێنپاکان کەس ناچێتەمەڵبەندی ئەم خواوەندەی لە هەموو نەنگییەك بێبەریە و, پێویستە لەسەر هەرکەسێك لەبەردەمی چل و دوو دادوەر دا بیسەلمێنێت هەرگیز تاوانی نەکردووە. لەبەشی چواردەیەمدا بە درێژی دەبینین لەو دانپیادانانەدا مەبەستیان لە تاوان چی بووە. لە پێش هەموویانەوە ئەوانەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا تابۆ بووە، ئەوانیش کوشتن و هاندانی کوشتن و دزی و فڕوفێڵ و ساختەبازی (التزویر) و داوێنپیسی (الفسق) و زیناکردنن، پاشان ئەرکی ڕەسەنتر دەخرێتە پاڵیان, پێویستە مرۆ درۆ نەکات و, بوختان نەکات و, لە پشت دەرگاوە گوێ هەڵنەخات و دڵی خۆی کرمێ نەکات (١ ) واتە خۆی لە کارێکدا نەفەوتێنێت کە بێجگە لە مەینەتی ئەنجامی تری نییە. شیر لە دەمی شیرخۆر نەفرێنرێت تاوەکو برسیان نەبێت و نەگرین و, هەندێك شتی تریش هەن پەیوەستدارن بە باردۆخی تایبەتی بونیادی میسرییەکانەوە، پێویستە بەر لە لێشاوی ئاوی سەروەختی لافاو نەگیرێت و پەلاماری ئاژەڵان یان ماسی یان باڵندەکانی یەزدان نەدرێت و, خۆراك لە پەرستگاکان یان گۆڕستان نەدزرێت.

ئەو شتانەی نیگارەکانی گۆڕستانە کۆنەکان و دابونەریتی دەوڵەتی نێوەند تۆماریان کردووە, بەشێوەیەکی ئاشکراتر بۆمان دەردەخەن چ شتێك لە میسر دا بە چاکە دادەنرا. مرۆڤ پێش هەموو شتێك شانازی بە کاری چاکەوە دەکات, نان بە برسی و ئاو بە تینوو و پۆشاك بە ڕووتوڕەجاڵ دەدات و, بە بەلەمەکەی یارمەتی ئەو کەسە دەدات کە ناتوانێت لە ڕوبار بپەڕێتەوە و, ئەو کەسەی ڕێی چاکەی ونکردووە ڕێنمایی دەکات. پیاوچاك کوڕی پیرەکان و برای بێژن و، مێردی بێوەژن و, باوکی هەتیوە. . . پۆشاکە بۆ ئەو کەسەی شەختە دەیکرۆژێت و، پەناگەیە لە ڕەشەبا دا و, تیمارسازی نەخۆشە.

یەکێك لە سەردارەکان زێتر لەوانەیش شانازی بەوەوە دەکات هەرگیز بێوەژنێکی فریو نەداوە و, کچی پیاوێکی ڕەشۆکی بەگیرنەهێناوە. جوتیارێك یان شوانێکی توشی تەنگانە نەکردووە. لە ڕۆژانی نەهاتدا یارمەتی میللەتی داوە و جیاوازی لەنێوان گەورە و بچوکدا نەکردووە. وە بەو پێیەی دادوەر بووە هەوڵیداوە ئەوانەی ناکۆکیان هەبووە بە دڵخۆشی لە مەملەکەتەکە بچنە دەرەوە، هەروەها هەوڵیداوە سامان و موڵکی باوك بۆ کوڕ بپارێزێت لەکاتێکدا مەسەلەکە گیروگرفتی تێدا بووبێت, چونکە ئەرکی پیاوی شەریفە پیشەی باوك بۆ کوڕەکەی بپارێزێت. وە دانا (بەتاح حەوتەب) ی وەزیری پادشا ئەسسی (نزیکەی ٢٥٠٠ی پ. ز.) ڕوونیدەکاتەوە پێویستە پیاوی چاك و فەرمانبەری چاك چۆن بژین. چاکترە ژن بهێنێت و خێزانێك

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

پێكبهێنێت. بەڵام پێویستە لەسەری لە ژنانی ماڵی كەسانی تر دوورەپەرێز بێت. چونكە هەزار پیاو بەهۆی ئەو ژنانەوە تەقەللای ماڵوێرانی دەدەن. پێویستە لای گشت خەڵك خۆشەویست بێت بەتایبەتی لای ئەوانەی داوای یارمەتی دەكەن. پێویستە بە ئاماژەیەكی (سەر) ی هانیان بدات و گوێ لە سكاڵاكانیان بگرێت. پێویستە لەسەری هەمیشە خۆبەبچوكزان و نهێنیگر بێت و, خۆی لە ناوهێنانی پەیڤە ناشرینەكان بەدووربگرێت و, بە هۆی كارەكەیەوە خۆی بەزل نەزانێت و, سووكایەتی بە خوێپییەك نەكات ئەگەر پادشا بەرزی كردەوە. . . ڕژدی نەنگییەكی ناقۆلا و حەزێكی ناقۆلایە دەبێتە هۆی تێكچوونی سەرجەم پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان (٢) .

كەمێك قایلبوون بەم سەرەتایانەوە دیارە و ئەم مۆركەیش لەوەدا زێتر ڕوونتر دەبێتەوە كاتێك داناكە جەخت لەسەر ئەوە دەكات ڕێنماییەكانی چەندە بۆ خەڵك بەكەڵكن. پێویستە مرۆ ژنەكەی خۆش بووێت و, پێویستە هەموو شتێكی چاكەی بۆ بكات و لەوەدا كەمتەرخەمی نەكات, چونكە ژن كێڵگەیەكی چاكە و بەروبووم دەگرێت. . . پێویستە خزمەتكارێكی دڵسۆز بیت بۆ سەرۆكەكەت تاوەكو ماڵ و موڵكەكەت بەردەوام بێت و موچەكەت گونجاو دەبێت. دڵفراوان بە بەرامبەر ئەوانەی بڕوات پێدەكەن، كێ دەزانێت؟ ڕەنگە كاتێك بێت تێیدا یارمەتیت بدەن.

بەڵام ڕێنماییەكانی یەكێك لەو پادشایانەی كە پێش دەوڵەتی نێوەند ژیاون و ئاراستەی{ مری كارع}ی كوڕی كردووە لە تەرزێكی جیاوازە و, دیسان ئەمیش ئاماژە دەكات بەوەی پێویستە دڵنەوایی كەسێكی چاوبەگریان بكرێت و بێوەژن نەچەوسێنرێتەوە یان كەسێك لە سامانی خۆی بێبەری نەكرێت. پێویستە پادشا خۆی بە ڕەچەڵەكی خۆیەوە هەڵنەكێشێت و, پێش هەموو شتێك پێویستە لە كاتی ئاخاوتندا خۆی لە تورەیی و هەڵچوونی سۆز دووربخاتەوە. ئەوەیش بە هەرحاڵ بۆچوونێكە لە دەوڵەتی نێوەندا زۆرتر دەبینرێت و, بە دڵنیاییەوە یەكێكە لە بۆچوونە بنچینەییەكانی مۆڕاڵ لەو سەردەمەدا. دەربارەی میرێك وتراوە, بەسەر ئارەزووەكانی خۆیدا زاڵ دەبوو, وە دڵی لەهەموو سەرچڵییەك خاڵی بوو.

پادشای پیر كوڕەكەی فێر دەكات بە لوتفەوە بپەیڤێت چونكە پەیڤ لە شەڕكردن بەهێزترە. سەبارەت بە پەرستنی یەزدانیش ئاگاداری دەكاتەوە, خودا پاڕانەوەی بەندەیەكی چاكی لەو گایە پێ باشترە شەڕاگێزێك بۆی دەكاتە قوربانی بەڵام هەروەهایش پێویستە پیاو ئەوە بكات كە بە كەڵكی خۆی دێت، كارەكانی كاهین جێبەجێ بكات و قوربانی پێشكەش بكات, خودا خۆی دەزانێت كێ لە پێناوی ئەودا شتێك دەكات.

لە دەوڵەتی نوێ وە كتێبێكمان پێگەیشتووە لەنێو ئەوەی ئەدەبی میسری بۆی بەجێهێشتووین بە بەچێژترین كتێب دادەنرێت, پیاوێك بەناوی (ئەنی) نووسیوویەتی و بالێرەدا چەند هەڵبژاردەیەك پێشكەش بكەین :

دڵفراوان بە و ئەو نانە مەخۆ كاتێك كەسێكی تر لەوێدا لەبرساندا دەناڵێنێت. سڵ لە ژنی بێگانەی نەناسراو لە ناوچەكەی خۆیدا بكەرەوە. نیگا گۆڕكێی لەگەڵدا مەكە و خۆت وانیشان مەدە دەیناسیت ئەوە گوناهێكی

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

گەورەیە تەنانەت ئەگەر خۆیشی باسی ئەوە نەکات. خێر لەوەدایە زوو ژن بهێنرێت و مرۆ مندالّی زۆری هەبێت, ئەگەر دەزانیت ژنەکەت ژنێکی باشە بە بایەخەوە مامەلّەی بکە و پێی مەلّێ { ئەو شتە لە کوێدایە؟ بیدە دەستم} ئەگەر لە شوێنی گونجاو دا دایتابوو.

هەموو ئەوەی دایکت لە پێناوتدا کردی بۆی ئامادە بکە. نانی زیاتری بدەرێ و لە باوەشی بکە هەروەك ئەو لەباوەشی کردیت. ئەو قورسایی تۆی هەلّگرت و کاتێکیش پاش تەواوبوونی مانگەکانت لە دایك بوویت لەسەر شانی هەلّیگرتیت و ماوەی سێ سالّ مەمکی لە دەمتدا مایەوە و بێزی لە پیساییەکەت نەدەهاتەوە. ناردیتی بۆ قوتابخانە تاوەکو فێری نووسین ببیت و هەموو ڕۆژێك لەمالّەوە بە نان و شەرابەوە چاوەڕوانی دەکردیت.

کاتێك خۆراکەکەت دەخۆیت سەنگین بە. لە خواردنەوەی شەرابدا هاوسەنگی بکە ئەگینا خۆیشت نازانیت چی دەلّێیت و, ئەگەر بکەویت ئەوا وەك منداڵێکی بچوك لەسەر زەوییەکە دەمێنیتەوە. هاوڕێکانت بە کەوتوویی بەجێتدەهێلّن و دەلّێن بائەو سەرخۆشە تیابچێت. بەباشی برادەرەکانت هەلّبژێرە و برادەری خزمەتکاری پیاوێکی تر مەکە. . . چاوبپۆشە لە ناڕاستییەکانی نێو مالّێکی بێگانە, ئەگەر بەچاوی خۆیشت بینیت بێدەنگ بە و بەبێگانەی مەلّێ و, وریابە هیچ نهێنییەك ئاشکرا مەکە و ئەگەر پیاوێکی مالّەکەیشت بیدرکێنێت خۆت بەکەڕ نیشان بدە.

زۆر قسە مەکە و کاتێکیش قسەدەکەیت وریابە چونکە زمان چەرمەسەری بۆ خەلّك دروستدەکات, چاکترین شتی مرۆڤ بریتییە لە شکۆ و ئابروو. کاتێك کەسێکی لەخۆت گەورەتر یان پایە بلّندتر بەپێوەڕاوەستا بێت تۆ دامەنیشە. ئەگەر داوەت نەکرابیت مەچۆ مالّێکی بێگانەوە و دەمەدەم لەگەلّ بەرپرسێکی هەلّچوو دا مەکە, بەلّکو هەولّ بدە هێمنی بکەیتەوە وـ بەهەمان چەشن ـ مەچۆ ناو دادگا یان لێی مەیەرە دەرەوە تاوەکو ناوت نەبرێت. بڕوات بە من و دەولّەمەند نەبێت و متمانە مەکە سەر میراتی و, مەلّێ: باوکی دایکم خانوویەکی هەیە. . . چونکە لەوانەیە لەکاتی دابەشکردندا لەگەلّ براکانتدا لە کونجێك زێتر بەرنەکەوێت.

ئەم دانایە سەبارەت بەوەی پێویستە بۆ یەزدان بکرێت درێژە بە قسەدەدات :

ئاهەنگ بۆ جەژنی خوداکەت بگێڕە. . . ئەوەی ئەم ئەرکە فەرامۆش بکات خودا لێی تووڕە دەبێت. لە جەژنەکەیدا پێشی پێشەوە هەلّ مەبژێرە تاوەکو هەلّی بگریت و, مەپرسە کوا پەیکەرەکەی.

ئەو شێوازەی (ئەنی) سەرزەنشتی ئەوانەی پێدەکات کە وانیشان دەدەن خەریکی خودا پەرستین بە شێوەیەکی تایبەتی کارمان تێدەکات :

مالّی خودا ڕقی لە ژاوە ژاوە. . . بە دلّێکی پڕ پاڕانەوەوە نوێژ بکە تێیدا هەموو وشەکان بەشاراوەیی دەمێننەوە. . . خودا ئەوە دروستدەکات تۆ پێویستت پێیەتی و گوێ لە دلّپاکییەکەت دەگرێت و قوربانییەکەت قبولّ دەکات.

بێگومان دەولّەتی نوێ سەردەمێکە تێیدا سۆز زۆرتر ناسکتر دەبێت و پێویستە سەرسام نەبین لەوەی لە دەقی تردا ڕێکەوت دەکەین ئاماژە بەوە دەکرێت خودا لە مرۆڤدا دەژی (٣) . ئەوە کامەرانییە بۆ مرۆڤ خودا

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

پێی دڵخۆش بێت. ئەم خودایەی نێو مرۆڤ دڵییەتی ــ وەك لە جێگایەکی تردا تێبینی کرا ــ. هێندەیش بەسە کە لەمرۆڤیشدا (کا) دەبینین (کە لەبەشی چواردە دا دەربارەی دەدوێین) , ئەم باوەڕەیش پەیوەستە بەوەی ئێمە ناویدەنێیین ویژدان.

پاش ئەوە بە نزیکی سێ یان چوار سەدە چاودێری گەنم و موڵکەکان{ ئامون ئەم ئۆپی} سی حیکمەتی دەربارەی ڕەفتاری چاك لە ژیاندا بەکوڕەکەی داوە. ئەوەیش کتێبێکە بە شێوەیەکی تایبەتی سوودی بۆمان هەیە چونکە چەند بڕگەیەکی دیاریکراوی لە پەندەکانی سلێمان دا باسکراون و, لە میشەوە گوێزراونەتەوە بۆ کتێبی پیرۆز.

ئەو بیرۆکەیەی لە خوێندنەوەی کتێبەکەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یەزدان دەستمان دەکەوێت زۆر لە بیرۆکەکەی ئەمڕۆمان دەچێت. تێیدا دەوترێت مرۆڤ لە خۆڵ و پووشە و, خودا دروستی کردووە و, بەلایەن خوداوە کەماڵی تەواو نییە. . . مەڵێ (هیچ گوناهێکم نییە) گوناه کاری خودایە و ئەو مۆری خۆی لێدەدات. لە هەر شەڕ و هەڵشاخانێکدا لەگەڵ دوژمنەکانتدا هەموو بڕوایەکت بە خۆت نەبێت, بەڵکو خۆت بخەرە باوەشی خوداوە چونکە بێدەنگیت (واتە هێمنیت) دوژمنەکانت دەخات. هەروەها لە جێیەکی تریشدا دەخوێنینەوە : لەگەڵ کەسێکی هەڵەشە دا هیچ شەڕەدەمێك مەکە. خودا دەتوانێت وەڵامی قسەکانی بداتەوە.

سەرباری ئەوەیش، داناکە ــ وەك ئەوەی شایستەی پیشەکەیەتی ــ بایەخێکی زۆر بە دەستپاکی و وردی دەدات چونکە ئیبیس و مەیمون واتە تەحوتی خودای کتێبەکە چاودێریان دەکەن. هەروەها : پێنوسەکەت (لە مرەکەب) هەڵمەژەنە تاوەکو ئازاری کەسێکی تر بدەیت و, لە پێوانە و کێشدا غەش مەکە و بەرتیل وەرمەگرە, بە دادوەری بڕیار بدە و, لە بەرژەوەندی دەوڵەمەند دا زوڵم لە لاواز مەکە و, کەسێك دەرمەکە کە پۆشاکەکەی نەگونجاوە.

لە وەرگرتنی باجدا غەش مەکە. هەروەها دڵڕەقیش مەبە. ئەگەر بینیت بڕێك پارەی زۆر لە لیستەکەدا لای یەکێك لە هەژاران دواکەوتووە بیکە بە سێ بەشەوە و دووبەشیان بسڕەوە و تەنیا یەك بەشیان بهێڵەوە.

هەموو ئەوانەی لە نادادیدا دەیکەیت بەرەکەتت بۆ ناهێنن, چونکە ئەو یەك میکیاڵەی خودا پێتی دەدات بەخێرترە لەو پێنج هەزارەی بە ناهەقی پەیدای دەکەیت. ئەگەر کەسێك لەسەر شێوازی دزەکان سامانێکت بۆ بهێنێنێت ئەوا یەك شەو لات نامێنێتەوە. . . لەگەڵ خۆرکەوتنندا لە ماڵەکەتدا نییە. . . تەنیا ئەو شوێنە دەبینی کە لێی دانرا بوو بەڵام سامانەکە دیار نییە. . . زەوی دەمی کردووەتەوە و قووتی داوە. . . جیهانی ژێرەوە نغرۆی کردووە. . . سامانەکە چاڵێکی گەورەی بۆ خۆی هەڵکەندووە و چووەتە ناوی. . . باڵی بۆ خۆی دروست کردووە و فڕیوە بۆ ئاسمان. . . دڵێکی ڕازی لە دەوڵەمەندییەکی پڕ خەم و خەفەت بۆ مرۆڤ باشترە.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

بۆ ئەوەی مرۆڤ کامڵ بێت، پێویستە هەمیشە بە شکۆ و ناسکی و خۆبەبچوکزانینییەوە دەربکەوێت. کەسی هەڵشە وەك درەختەێکە بەوەی دەبێتە سووتەمەنی کۆتایی دێت. . . بەڵام ڕووخۆش وەك ئەو درەختەیە کە لە باخچە دا بەروبووم دەگرێت. بەدوای هاورێیەتی هەڵشە دا مەگەڕێ و لێی نزیك مەبەرەوە تاوەکو قسەی لەتەکدا بکەیت. پێویستە لەبەردەم سەرۆکی زوو هەڵچوو دا بچەمیتەوە تەنانەت ئەگەر سوکایەتیشت پێبکات چونکە ئەو خۆی لە ڕۆژی ئاییندەدا مەسەلەکە چاك دەکاتەوە.

وریای خەم و خەفەت بە چونکە مرۆڤ نازانێت سبەینێ چی دەبێت. وشەی ناقۆڵا مەبەخشەوە. چاوچنۆك مەبە چونکە ماڵی زەوتکراو چێژی بۆ تۆ تێدا نییە. بەلەمێك لەسەر ڕوبارێك دامەنێ تاوەکو بەهۆیەوە کرێی پەڕاندنەوەت دەست بکەوێت، یان لەبری ئەوە نرخێك وەرمەگرە لەو کەسانە نەبێت کە شتێکیان هەیە، بەڵام ئەوانەی هیچیان نییە هیچیان لێوەرمەگرە و، ئەگەر لە بەلەمەکەتدا جێگا هەبوو هەموو ئەوانەی داوای پەڕینەوە دەکەن بگوێزەرەوە.

لە هەموو شتێکدا بە بەزەیی بە. گاڵتە بە کوێر مەکە و بە چڵکن ڕامەبوێرە. زیان لە پەککەوتەیەك مەدە و، قۆشمە بە پیاوێکی نێو دەستی خودا مەکە و، ئەگەر کەوت لێی توڕە مەبە.

کتێبەکەی (ئامۆن ئەم ئۆپی) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی نیوەی یەکەمی هەزار ساڵی یەکەم (٤) و، ئێمە لەم سەردەمەدا ماوەی داڕوخان دەبینین، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت هەمیشە لەگەڵ داڕوخانی ئەقڵدا بەڕێوە ناچێت. لەبەرئەوە لە نیگارەکانی سەردەمەکە دا ڕێکەوتی نیشانەکانی هەستێکی زۆر ناسکتر و ئەقڵانیتر و باڵاتر دەکەین. با ئاماژە بە تەنیا یەك بڕگە بکەین کە لە هەموو ڕێنماییەکانی ئەنی و، ئامۆن ئەم ئۆپی بەرزترە. یەکێك لە هاوچەرخەکان دەڵێت : خەنوم زۆر بە چاکی دروستی کردووم. زمانم بەرەو خێر دەبزووێنێت. من دەمم بە ڕیسواکردنی ئەوەی سووکایەتی پێکردووم پیس ناکەم. من خۆشەویستیم بۆ خۆم پەیدا کرد و دوژمنەکانم بوونە دەستوپێوەندم.

بەو جۆرە پێویست بووە لەسەر هەموو کەسێك بە لێبووردوویی وەڵامی هەموو سووکایەتییەك بداتەوە تاوەکو دوژمنەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دەیکات بە هاوڕێی خۆی.

---

پەراوێزەکان :ــ

(١) لە زمانی قەبتیدا دەردەکەوێت کە ئەم مانایە مانایەکی ڕاستە.

(٢) ئێمە ڕاستی خستنەپاڵی ئەم دەقە کۆنە ئەدەبیانە بۆ کەسانێکی دیاریکراو نازانین، بەهەرحاڵ ئەم کتێبە لە دەوڵەتی نێوەند کۆنترە.

(٣) هەروەها لە دەقێکی کۆندا هاتووە خودا لە مرۆڤدا نیشتەنییە (دەژی) .

(٤) ئەوەی بەڵگەی ئەم چەشنە کۆنییە دەدات لەوحەیەکی مۆزەخانەی تۆرین ــ ە کەوا قوتابییەکی ئەو سەردەمە هێندێك بڕگەی لەسەر نووسیووەتەوە.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 14:48

تێبینی :

* بێجگە لەم چوار پەڕاوێزە، نووسەر لەم بەشەی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ٥٨ سەرچاوەی تر کردووە کە بریتین لە ناو و لاپەڕەی سەرچاوەکانی باسەکەی و من لێرەدا دووبارە نووسینەوەیانم بە پێویست نەزانی ــ وەرگێری کوردی.

** ئەم باسە بریتییە لە بەشی یانزدەی کتێبی { ئاییینی میسری کۆن ــ دیانە مصر القدیمە } نووسینی ئەدۆلف ئیرمان، ,, وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : دکتۆر عەبدلمونعیم ئەبوبەکر و دکتۆر محەمەد ئەنوەر شکری، ,, لاپەڕە ٢٢١ ــ ٢٣٠، , بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی مەدبولی، میسر، ١٩٩٥.

www.kurdistannet.org